# پێگەی ئەدیابین وکاریگەری لە گۆڕانە سیاسی وکلتورییەکانیدا لەسەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تا سەدەی حەوتەمی زایینی

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی و کەلتورییە


د.کامران محمد جلال مجید
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو


## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی سەرەوەدا، لە قۆناغێکی گرنگی مێژووی کۆنی هەرێمی ئەدیابین (هەولێر) دەکۆڵێتەوە، بە تایبەت لە سەردەمەکانی ململانێی ئەشکانی[١٥١]– ساسانی لە لایەك و رۆمانی–بیزەنتینی لە لایەکی ترەوە. لەو سەردەمانەدا ئەربێلا بە ئەدیابین یان حدیاب دەناسرا، کە تیایدا ئەم شارە بووە پایتەختی شانشینێکی بەهێز و فراوان، هەرچەندە سەر بە دەوڵەتی ئەشکانی وپاشان ساسانی بوو، بەڵام بە هۆی سیستەمی سیاسیی ئەم دەوڵەتەوە تا رادەیەك سەربەخۆیی خۆی پاراست بوو، چی لە رووی سیاسی، کارگێڕی یان ئاینی بووبێت.

لە ماوە فەرمانڕەوایی ناو خۆییدا چەندین پاشا لە ئەدیابین فرمانڕەواییان کردووە، لەوانە ئیزاتیس، مۆنۆبازوس و...چەند پاشایەکی تر. بەڵام بە هاتنی سەردەمی ساسانی ودوای سەپاندنی سیاسەتی ناوەندێتی لە بەرێوەبردندا، ئەدیابین راستەو خۆ لەلایەن بنەماڵەی ساسانییەکانەوە بەڕێوە دەبرا، بەوەش سەربەخۆیی خۆی لە دەست دا، تا هاتنی ئیسلام.

## ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گرنگیەی ئەدیابین (ئەربێلا) بوویەتی، هەوڵ دەدات لەو فاکتەرانە بکۆڵێتەوە کە بوونە هۆی ئەو گۆڕانە سیاسی وئایینییانەی روویاندا، ئایا پێگەی ئەدیابین رۆڵی چی بووە لەوەی ئەم شارە وەك مەڵبەندێکی سیاسی دەر بکەوێت؟ بۆچی بایەخی زۆری پێدرا بوو لە لایەن هەر یەك لە ئەشکانی ورۆمان وداتر ساسانییەکان کەسێکیان لە بنەماڵەی خۆیان دەکردە مەرزەبان؟ ئایا ئەو ئاڵوگۆڕە ئاینییانەی لە نێوان زەردەشتی وجولەکە بوونی وداتر بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت، پەیوەندی بە پێگەی ئەدیابینەوە هەبووە؟ هەروەهاش لە رووی ستراتیجییەوە چ گرنگییەکی بۆ ئەو زلهێزانەی ئەو سەردەمە هەبووە؟ دواجار، ئەدیابین خۆی چ کاریگەرییەك یان پێگەیەکی هەبووە لەو نێوەندانەدا، واتە لە رووی سیاسی و ستراتیجی ، ئاینی یەوە؟

بەو شێوەیە، توێژینەوە دوو رەهەند لە خۆ دەگرێت؛ رۆڵی پێگەی ئەدیابین بۆ ململانێی نێو دەوڵەتان لە لایەك، لەلایەکی ترەوە، رۆڵی ئەو پێگەیە لە ناو خۆدا.

---

[١٥١] لە هەندێك سەرچاوە بە بارثي یان فرثي دێت، بۆ یەکخستنی ناوەکە لێرەدا ئەشکانی بەکاردێنین.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە چەندین سەرچاوە بەستراوە، لە ناویان دا سەرچاوەی رەسەن هەن، هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە لەسەردەمی ئیستادا ئەنجام دراون. لە سەرچاوە رەسەنەکان، کتێبی (Antiquities of Jews)ی فلاڤیۆس یۆسیفۆس(*Josephus, Flavius*) (٣٧-٩٧/١٠٠ز)، کە لەسەدەی یەکەمی زاینی دا ژیاوەو باسی مێژووی جولەکەی کردووە، لەو ناوەندەشدا باسی لە پاشایانی ئەدیابین وپابەندبوونیان بە ئورشەلیم وجولەکەبوونیان وهەواڵە مێژووییەکانی ئەم پاشایانەی کردووە وگرنگی زۆری بۆ ئەوسەردەمە هەیە وبە بێ ئەم بەرهەمە نوسینەوەی مێژووی ئەدیابین زۆر بۆشایی تێدەکەوێت.هەروەها کتێبی (Dio's Roman History) کە لە لایەن دیۆ کاسیۆوە نوسراوە، ئەم نوسەرە پلەی باڵای لە دەوڵەتی رۆمانیدا هەبووەو لەسەردەمی ئەردەشێری کوڕی بابەك دا ژیاوەو هەندێ زانیاری گرنگی لە بارەی چاوتێبڕینی رۆمانی بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵات دواوەو باسی ئەو هێرشانەی بۆ سەر ئەدیابین باس کردووە. ئەو کتێبەی (کرۆنۆلۆجیا أربیل)[١] کە دراوەتە پاڵ مشیحا زخا، ئەم نوسەرە لەسەدەی شەشەمی زایینی دا ژیاوەو باسی پیاوانی ئاینی وقەشەکانی ئەدیابین لە سەرەتای بڵاوبونەوەی مەسیحیەت تا کاتی خۆی باس کردووە، ئەمەش هەندێ زانیاری لە بارەی لایەنی سیاسی وململانێی ئاینی تێدایە، کە سودی باشی بە توێژینەوە گەیاندووە. تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەم کتێبە لە لایەن هەندێك لە توێژەرانەوە گومانی لێدەکرێت.

هەندێ کتێب وتوێژینەوەی مێژوویی وجوگرافی لەبارەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە سودی زۆر باشیان گەیاندۆتە توێژینەوەکەمان، وەك؛ کتێبی (الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الإسلامي)ی إبراهيم شريف، کە زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەی لە جوگرافیاو کاریگەری لەسەر رەوتی مێژوو و ئابوری وستراتیجی لە مێژووی کۆن دا خسووەتەو روو، بۆ ناوچەکانی ئەدیابین گرنگی تایبەتی هەیە. جگە لە چەندین سەرچاوە تر کە هەریەکەو تایبەت بە لایەنێکی بابەتەکەمانەو لە شوێنی خۆیان سودیان لێوەرگیراوە، کە لێرەدا بواری خستنەر ووی هەموویان نیە.

توێژینەوەی سەرەوە " پێگەی ئەدیابین وکاریگەری لە گۆڕانە سیاسی وکلتورییەکانیدا" لە دوو بەش پێك دێت، بەشی یەکەمیان لە بارەی رووداوە مێژوویە سیاسی وسەربازیەکانی سەردمانی کۆن لە ئاشورییەوە تا ساسانی کراوە، لێرەدا گرنگی ئەربێلا/ئەدیابین و ناوچەکانی سەر بەو هەرێمە لە رووی سیاسی وگرنگی ستراتیجی بۆ ئەدیابین بۆ هێزە نێو دەوڵەتییەکانی ئەوکات کراوە وەك ئاشوری ودواتر ئەشکانی و رۆمانی. لەبەشی دووەم دا زیاتر بابەتی کاریگەری پێگەی ئەدیابین لە سەر گۆڕانە ئایینییەکانەوەیە، کە چۆن پێگەکەی دەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاو بوونەوەی ئایینە جیا جیاکانی ئەو سەردەم

---

[١] لە راستیدا ناوە وەرگێڕراوەکەی ئەم کتێبە (Chronicle of Arbela)یە، بەڵام وەرگێڕ بە کرۆنۆلۆجیا وەریگێڕاوە، بۆیە بە کوردیەکەی دەبێتە "هەواڵنامەی ئەربێلا".

## دەروازەیەك

## شانشینی ئەدیابین *(Adiabêne)*

لە سەرچاوە کۆنەکان دا بە شێوەی جیاواز ناو براوە، ئەوەش بە پێی زمانی نوسەرەکانیان کەوتووە، هەندێ لە سەرچاوە سریانییەکان هەرێمی ئەدیابین بە حدیاب ناوبردووە.[1] هەروەها، ئەشکانی یەکان بە نۆدشیرەکان[2] (*Nodsherakan*) تۆماریان کردووە، سەرچاوە عەرەبییە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە (حَزّة) ناویان بردووە.[3] ناوی حدیاب یش هەر بەو ناوچەیە وتراوەو بۆتە ئەدیابین، وا پێدەچێت لە سەدەکانی پێش زایینەوە لە ناوی هەردوو زێ (گەورەو بچوك)ەوە هاتبێت، کە لەو سەردەمانەدا پێیان وتراوە (دیابس وئەدیابس) وناوی ئەدیابین لەوەی دووەمیانەوە (ئەدیابس) هاتووە ئەوەش لەوەوە هاتووە، کە ئەم ناوچەیە کەوتووەتە نێوانی هەردوو زێ وبەوەش بە ناوبانگ بووە، کە لە نێوان ئەو دوو زێیەدایە، کە ناتوانرێت بە کەڵەك لێیان بپەڕیتەوە.[4] بەڵام تا ئێستا هۆی زمانەوانی[5] ئەم گۆڕانکارییانە لە ناوی ئەم ناوچەیەدا بە درێژایی مێژوو نەزانراوە، بۆیە پێویستی بە توێژینەوەی زمانەوانی ورد تر هەیە.

هەڵکەوتەی شوێنی ئەدیابین لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە خاکی بە پیت ودەشتاییەکی فراوان و بوونی ئاوی رووبارەکان ورادەی باران بارین کاریگەری زۆری لەسەر بەهێز بوونی ژێر خانی ئابوری ئەم ناوچەیە بووە. ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە و بچوکەوە،[6] گرنگی دیاری هەیە، چونکە چەند دەشتاییەکی بە پیتی لە خۆ گرتووە. گرنگترینیان دەشتی هەولێرە، کە دەکەوێتە نێوان زنجیرە بەرزاییەکانی ئاوانە لەو شوێنەی کە زێی بچوك جیایان دەکاتەوە، وەك درێژبوونەوەیەکی زنجیرەکانی کانی دۆمەڵان. لە باکورو خۆرهەڵاتەوە بە زجیرە چیاکانی سەفین وپیرمام سنوردار کراوە.[7] ئەم ناوچەیە یەکێك بووە لە ناوچە گرنگەکان لەسەردەمە کۆنەکان دا، بۆیە ببوە مەیدانی پرۆسە سەربازییەکان، لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دا بووە ناوەندی شانشینی ئەدیابین.[8] چیای قەرەچوخیش دەکەوێتە ناوچەکانی باشوری ئاوانە، کە بەسەر دوو دەشتاییدا دەڕوانێت: دەشتی شەمامك،

---

[1] أدي شير: تاريخ كلدو وآثور، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩١٣، مجلد٢، ص (ش).

[2] **بیوار،** أ.ز.د.هـ.: **تاریخ سیاسی إیران در دورەی اشکانیان، در: تاریخ ایران از سلوکیان تا فروباشی دولت ساسانیان ، تر: حسن أنوشە، (گرداورندی، إحسان** یارشاطر)، چ٢، **انتشارات أمیر کبیر، تهران،** ١٣٨٣، **جل٣، ق١، ص١٨٩.**

[3] ابن حوقل: صورة الأرض، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩، ص ص١٩٦–١٩٧.

[4] **بڕوانە:**

Marcellinus, Ammianus: The Roman History (During Reigns of The Emperors Constantius, Julian, Jovianus, Valentinian, And Valens, Tr. Yong, C.D., London,**1894**, XXIII, VI, 21, p. 334.

**لەهەندێ سەرچاوەی تردا زێی گەورە بە لیکۆس بە واتای گورگ وزێی بچوك بە کاپرو بەواتای بەراز هاتووە، پێدەچێت لە وشەی "دیبە"ی ئارامییەوە هاتبێت بە هەمان واتای "گورگ"، حدیاب یش هەر لەوەوە وەرگیرابێت، دەڕوانرێتە:**

Michał Marciak: Seleucid-Parthian Adiabene in the Light of Ancient Geographical and Ethnographical Texts, Anabasis, No.2, 2011, Pp.185, 187,197.

[5] **لەوانەشە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە، لە زاباس و ئەنزاباس هاتبێت، واتە گۆڕانەکە لە بڕگەی یەکەمی ناوەکەوە بووە، زا بۆتە دی، ئەنزا بۆتە ئەدیا.**

R. Garrett Bainbridge: Ammianus Marcellinus *Description of the 18 Provinces of Sasanian Empire, P.4, from* www.humanities.uci.edu/sasanika/ClassicalSources.php

[6] **دەڕوانرێتە: نەخشە ژمارە (٣).**

٧ إبراهيم شريف: الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الإسلامي، مطبعة شفيق، بغداد، (د.ت)، ج١، ص،٩٥، ٩٨.

[8] Humbach, Helmut and Prods O. Skjærvø: The Sassanian Inscription of Paikuli, Wiesbaden, 1983, Part. 3.2, P.13.

ئەوەی ئاوەرێژەکەی بەرەو زێ گەورە دەرژێت و دەشتی کەندیناوە، کە ئاوەرێژەکەی بەرەو زێی بچوك شۆڕ دەبێتەوە. ئەم خەسڵەتانەش وایان کردووە، کە ناوچەکە زۆر دەوڵەمەند بێت بە دار ورووەکی باش وەك لەوەڕگای ئاژەڵ، جگە لەوەی کە بوونی هەردوو زێی گەورەو بچوك بۆخۆی لەباربوونی ئەم ناوچەیەی بۆ چالاکی ئابوری زیاتر کردووە.[١]

هەرچەندە بە گشتی سنوری ئەدیابین لە نێوان زێی بچوك وگەورە دا بوو، بەڵام سنوری سیاسی–کارگێڕی یەکەی بە پێی هێز و دەستەڵات، لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕا. ئەوەبوو لە باکوری خۆرهەڵاتەوە گەیشتە ئەرمەنستان،[٢] لە خۆرئاواە گەیشتە ناوچەکانی خۆرئاوای دیجلە، تەنانەت نەینەوا وماوەیەکیش شاری نوسەیبین[٣] لە باکوری خۆرئاوا. بۆ ماوەیەکیش هەرێمی کوردوین لە باکورەوە بووە بەشێکی ئەم شانشینە. شاری ئەربێلا پایتەختی شانشینەکە بوو، چەند پاشایەکیان لە سەدەی یەکەمی زایینی دا چوونە سەر ئاینی جولەکە، بە تایبەت لە سەردەمی ئیزاتی دووەم دا (٣٦–٥٦ز).[٤]

لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم شانشینە، جگە لەوەی، کە لە سەرچاوە رۆمانییەکانەوە و لەمیانەی کشانی هێزەکانی ئیمپراتۆرییەکەیانەوە باسیان کردووە،[٥] زانیاری وردمان لە بەر دەست دا نییە. بە تایبەت سەبارەت بە سەردەمی پێش زایین، بەڵام بە پێی رووداوە مێژووییەکانی شوێنگرتنەوەی سەلوکی لە لایەن دەوڵەتی ئەشکانی یەوە، بە تایبەت دەست بەسەردا گرتنی بابل لە باشوری میسۆپۆتامیا، پێدەچێت لەو هەل ومەرجەدا لە نێوان سەدەکانی سێیەم، یان دووەمی پێش زایین دا بووبێت، چونکە تێکشکانی سەلوکییەکان، بووە هۆی بۆشایی سیاسی–سەربازی وئەمەش هەلێك بوو بۆ هەرێمەکانی زاگرۆس، بە تایبەت ئەدیابین. لە سەدەی یەکەمی پ.زدا رۆڵی ئەدیابین روونتر دەر دەکەوێت، ئەوەبوو لە رووداوەکانی نێوان لوکوللوس (١٠٩–٥٧پ.ز) وتیگران دا (٩٥–٥٥پ.ز) ناوی پاشای ئەدیابین هێنراوە ولەو ململانێیەدا رۆڵی بینیوە، بەڵام ناسنامەی ئەو پاشایەمان بۆ روون نەبۆتەوە.[٦]

---

[١] إبراهيم شريف: الموقع الجغرافي للعراق، ج١، ص٩٦، ٩٨.

[٢] **شوێنەوارناسان (فواد سفر ومحمد علی مصطفی) پێیان وایە نەخشە بەردینییەکەی هەریر لە باکوری خۆرهەڵاتی ئەربیلا بۆ ئیزاتی دووەم پاشای ئەدیابین دەگەڕێتەوە، هەروەك چۆن دوو پەیکەر لە نێوان شوێنەوارەکانی حەزەری خۆرئاوای نەیینەوا، یەکێکیان پاشای ئەدیابین و ئەوی دووەم کەسایەتیەکی ئەم شانشینەن. دەڕوانرێتە:** الحضر مدينة الشمس، مؤسسة رمزي، بغداد، ١٩٧٤، ص، ص٢٦ ، ١٨٥، ٢٠٨.

[٣] **بیوار: تاریخ سیاسی إيران در دورەی اشكانيان، ص**١٧٥.

[4] Neusner: The Conversion of Adiabene to Judaism, In: *JBL*, Vol. 83, No. 1, 1964, Pp. 60-61. J.

**ئەوەی تێبینی ئەکرێت، تا ئیستا تاکە سەر چاوەی رەسەنی مەسەلەی بە جولەکە بوونی بنەماڵەی ئەدیابین بۆ مێژوو نوسێکی جولەکە دەگەڕێتەوە، دەڕوانرێتە:**

Josephus: The Antiquities Of The Jews, 20, P.417-418.

[٥] **بلوتارخ: السير، تر: جرجيس فتح الله، دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٥، ج٢، ص ص٩٨٦–٩٨٧؛**

Dio Cassiu: Dio's Rome, New York, 1904, LXXVI, P. 102.

[٦] بلوتارخ: م.ن، ص٩٨٧.

## بەشی یەکەم

## پێگەی ئەدیابین وکاریگەری لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی

هەڵکەوتەی شاری ئەربێلای کۆن وگرنگییەکەی بۆ سەردەمانی کۆنیش دەگەڕێتەوە، چونکە کەوتبووە نێوان ئاشور ونەینەوا لە لایەك وناوچەکانی زاگرۆس لە لایەکی ترەوە. بۆیە لەو چاخانە دا ئاشورییەکان گرنگییەکی زۆریان پێداوە، هەر بۆ نمونە لە شالاوەکەی پاشای ئاشوری شەمشی-ئەدەد (١٨١٣-١٧٨١پ.ز) دا بۆ ناوچەکانی زاگرۆس، لە ناوچەی ئەربێلاوە بوو[1] لە چاخی نوێی ئاشوری دا ٩١١-٦١٢پ.ز ئەربێلا ببووە دەروازەی دەرچوون یان پێدا تێپەڕ بوونی لەشکری ئاشوری بۆ ناوچەکانی کوردستان (زاگرۆس) وگرنگی کارگێڕی وئابوری بۆ ئاشور زۆر دیار بووە. دواتریش لە سەردەمی هەخامەنشی دا (٥٥٠-٣٣٠پ.ز) ئەم ناوچەیە گرنگی خۆی لەدەست نەدا،[2] رێگەی شاهانەش کە دارای یەکەم (٥٢١-٤٨٦پ.ز) دروستی کردەوە، لە ئەربیلاوە بۆ باکور تێپەری. تا هاتنی ئەلیکسەندەری مەکەدۆنی وشەڕی یەکلا کەرەوەی گۆگەمێلا یان ئەربێلا لە (٣٣٠پ.ز) روویدا،[3] کە لە سوریاوە رووی لە ناوەندی هەخامەنشی کرد، بە ناوچەی ئەدیابین دا تێپەڕی. بەڵام لە سەردەمی هیلینستی دا (٣٣٠-١٤٠؟ پ.ز) بە کەوتنی ئەربێلا لە ناو جەرگەی دەوڵەتی سەلوکی، گرنگی ستراتیجی گەورەی نەبوو، تا دەرکەوتنی ئەشکانی یەکان لە میسۆپۆتامیا.

بەو شێوەیە، ئەدیابین لە چاخەکانی پێشترەوە یەکێك بوو لەو شانشینانەی بە هۆی ئەو ئاڵو گۆڕانەوە بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی بوو، لە سەردەمی ئەشکانیش دا (سەدەی ١پ.ز-سەدەی٣ز) ئەو پێگە ستراتیجی وسیاسیەی لە ململانێیەکانی ئەم سەردەمەدا لە دەست نەدا. ئەویش بە هۆی هەڵکەوتنی لە نێوان سنورەکانی ئیمپراتۆریی رۆمانی وئەشکانی دا و بوونی لەسەر ئەو رێگەیەی ئەو سنورانەی بە تەیسەفونی پایتەختی ئەشکانی یەوە دەبەستەوە.

لەسەدەی یەکەمی پ.ز دا ئەدیابین کەوتبووە نێوان زل هێزەکانی ئەو سەردەم: ئەرمەنستانی سەردەمی تیگرانی گەورە، ئیمپراتۆریی رۆمانی وئەشکانی.[4] بۆیە ناوچەکانی بووە مەیدانی ئەوململانێیەی، کە لە نێوان ئەو هێزانەدا سەری هەڵدا. لە دوای کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی سەلوکی لە ساڵی (٦٤پ.ز)دا، لە لایەن ئیمپراتۆریی رۆمانییەوە، ئیتر ململانێیەکان کەوتە نێوان ئەشکانی ورۆمان وئەرمەنستان. ئەرمەنستان لەسەردەمی تیگران دا چاوی بڕیبوە ئەدیابین، چونکە بە بەشێك لە ناوچە پاوانخوازییەکانی خۆی دادەنا. بەڵام بە کۆتایی هێنان بە شکۆی ئەرمەنستان،[5] رۆمان وئەشکانییەکان ئەو ناوچانەی، کە پێشتر ناوچەی پاوانخوازی ئەرمەنستان بوون، لە نێوان خۆیان دا دابەش کرد. ئیتر بە هۆی هەڵکەوتنی ئەدیابین لە خۆرهەڵاتی دیجلە وفورات دا، بووە بەشێك لە دەوڵەتی ئەشکانی. پێناچێت ئەمە گۆڕانی گەورە بووبێت بۆ ئەدیابین، چونکە سیستەمی سیاسی ئەشکانی نا ناوەندێتی بوو،[6] ئەدیابین وەك

---

[1] Jesper Eidem: News from the Eastern Front: The Evidence from Tell Shemshāra, Iraq, Vol. 47 (1985), pp. 85-87.
لەگەڵ ئەوەش دا ناوچەکانی سەر بە شمشارە بە هۆی شەرەوە نەبوو، بەڵکو هەر زوو فەرمانڕەوای شمشارە چووە پاڵ شەمشی ئەدەد.

[2] نائل حنون: حقيقة السومريين ودراسات أخرى في علم الاثار، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٧، ص١٧٥-١٧٦.

[3] Michał Marciak: Seleucid-Parthian Adiabene, Pp.181, 195-196.
هەروەها دەڕوانرێتە: جابر خليل ابراهيم، منطقة الموصل في فترة الاحتلال الاجنبي الاخميني والسلوقي والفرثي، موسوعة الموصل الحضارية، دار الكتب، الموصل، مجلد١، ١٩٩١، ص ص ٣٠-٣١، ٣٤.

[4] بۆ هەڵکەوتنی ئەدیابین لە نێوان ئەو دەوڵەتانە، دەڕوانرێتە: نەخشەی ژمارە (١)

[5] بۆ زانیاری زیێتر لەبارەی ئەم بابەتەوە، دەڕوانرێتە: بلوتارخ: السيَر، ج٢، ص٩٨٦+.

[6] مالکوم کالج: اشکانیان، تر:مسعود رجب نیا، چ٢، انتشارات هیرمند، تهران، ١٣٨٣، ص٥٢+.

شانشینێکی نیمچە سەربەخۆی خۆ بەڕێوە بەر مایەوە. ئەدیابین بۆ ئەشکانییەکان گرنگی زۆری بووە، بۆیە ئەو گەشەکردنە سیاسیانەی ئەدیابین لە لا مەبەست بووە، چونکە ئەدیابین وحەزەر بوو بوونە لەمپەرێك بەرانبەر بە رۆمانەکان. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم شانشینە پابەندییەکی سیاسی تەواوی بە دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمەوە نەبوو، جارێك لەگەڵ ئەشکانی وجارێکی تر لەگەڵ رۆمانی بوو، ئەوەش بۆ گۆڕان لە تەرازووی هێز دەگەڕایەوە، بەڵام بە هۆی نزیکی شوێنی جوگرافییەوە لە تەیسەفونی پایتەختی ئەشکانی، وایکرد، بە بەراورد لەگەڵ ئیمپراتۆریی رۆمانی، تا بکرێت لە چوار چێوەی سیاسەتی ئەشکانی دا بن.

لەسەدەی یەکەمی زایینی دا رۆڵی گرنگی ئەم شانشینە زێتر بوو، ئەوە بوو لە گێڕانەوەی تەختی پاشایەتی ئەشکانی بۆ ئەردەوانی سێیەم (٣٦-٣٨ز) رۆڵێکی سەرەکی بینی. کاتێك ئەم پاشایە هەستی بە مەترسی لە لایەن براکەیەوە کرد، پەنای بۆ ئیزاتیسی پاشای ئەدیابین برد، تا هاوکاری بکات، ئەویش پەیمانی گێڕانەوەی بۆ سەر تەخت پێ دا وبۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە فرمانڕەوای ئەرمەنستانەوە کردو بەو شێوەیە توانیان داواکەی بهێننە دی. لە بەرانبەر دا ئەردەوان تەختی لە ئیزاتیس پیرۆز کرد وتەختێکی لە زێڕی پێ بەخشی، لە کاتێك دا ئەوە تەنها بۆ باشای ئەشکانی رێپێ دراو بوو، شاری نوسەیبین[١] و ناوچەی کوردوینی خستە ژێر دەستی پاشای ئەدیابین.[٢] بەو شێوەیە دەستەڵاتی پاشای ئەدیابین بۆ ناوچەکانی باکور فراوان بۆوە.[٣]

ئەو بارو دۆخە دەستەڵاتی ئەدیابینی زێتر بەرەو خۆرئاواش فراوان کرد، ئەوەبوو کاتێك ئەبیاس پاشای حەزەر لە نێوان دیجلەو فورات لە شاری ئەرسەموس[٤] (*Arsamus*)ەوە ویستی رووبەرووی ببێتەوە، لەشکرکێشییەکی بردە سەری و زۆری نەمابوو بەدیلی بیگرێت، بەڵام ئەبیاس لە سەر شورای شارەکەوە خۆی فرێ دا و مرد.[٥] ئەم کارەی ئەبیاس وا لێکدراوەتەوە، کە لەبەرانبەر بە جولەکە بوونی بنەماڵەی ئەدیابین ئەم کارەی کردووە.[٦] بەڵام لەوانەشە فراوان بوونی دەستەڵاتی ئەدیابین بەرەو ناوچەکانی سنوری حەزەر مەترسی بۆ حەزەرییەکان دروست کردبێت، یان پاشای حەزەر هەستی بەوە کردبێت، کە لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی ئەوان ئەدیابین بەهێز بێت، وهەروەها پتەوتر بوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەشکانییەکان دا، هۆکاری سەرەکی بوو بێت، بە تایبەت دوای ئەو ئیمتیازانەی کە بەم شانشینە درا بوو.

مردنی ئەردەوانی سێیەم لە ساڵی (٣٨ز) دا رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان پاشای ئەشکانی وئەدیابین دا هەبوو، لە دوای ئەو پاشایە وردان (٣٨-٤٥ز) تەختی پاشایەتی ئەشکانی وەرگرت. ئەم پاشا نوێیە داوای لە ئیزاتیس کرد، کە هێرش بەرێتە سەر فرمانڕەوای ئەرمەنستان، بەڵام بە هۆی بوونی پێنج کوڕی وەك بارمتە لە

[1] Josephus, *Op. Cit.*, 20, 3, P. 417;

آلفرید **گوتشمید:** تاریخ ایران وممالك همجوارآن از زمان اسکندر تا انقراض اشکانیان، تر: کیکاوس جهانداری، ض٤، انتشـارات ققنـوس، تهران، ١٣٨٢، **ص١٤٦؛ بیوار، تاریخ سیاسی إیران در دورەی اشکانیان ، ص**١٧٥.

[٢] **پیگولو** وسکایا: شهرهای إیران در **روزگار** اشکانیان و ساسانیان، تر: عنایت الله رضا، چ٣، شکت انتشارات علمي و **فرهنگی**، تهـران، ١٣٧٧، ص٩٨.

[٣] **دەڕوانرێتە نەخشەی ژمارە** (١).

[٤] **تا ئێستا بە پێی زانیاریمان شوێنی ئەم شارە بە وردی نەزانراوە.**

[5] Josephus, *Op. Cit.*, 20, 4, P. 417;

–فؤاد سفر ومحمد علی مصطفی: الحضر، ص٢٦.

[٦] جابر خلیل إبراهیم: منطقة الموصل، ص١٤١.

ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ڕۆما،[1] داواکەی ڕەت کردەوە، چونکە ڕۆمانەکان پشتیوانیان لەو فرمانڕەوایەی ئەرمەنستان دەکرد. لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی دا، پلانی بۆ هێرش بردنە سەر پاشای ئەدیابین دارشت، بەڵام بە هۆی هەڵگەڕانەوەی گودەرزی برای لە هەرێمەکانی خۆرهەڵاتەوە، پلانەکەی سەری نەگرت.[2]

پێگەی ئەدیابین لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە دا بۆ ئەشکانییەکان زۆر گرنگ بوو، بە هۆی هاوسنوری لە گەڵ ئەرمەنستان دا لە باکورەوە، ئەدیابینی بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەو وڵاتە بە کار دەهێنا، چونکە سنوری دەوڵەتی ئەشکانی نەیاری زۆری بۆ دروست کرد بوو، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتییەوە، ئەوە بوو لە سەرەتایساڵی (٦١ز) لە کاتێك دا، کە بەلاش (*Volgasos*) سەرقاڵی هۆزەکانی ساکا بوو، لە لایەکەوە ڕۆمانەکان دەستیان بە ئامادەباشی کرد، تا هێرش بەرنە سەر ئەرمەنستان، لە لایەکی ترەوە تیگرانی (فرمانڕەوای ڕۆمانی لە کەپەدۆکیا) هێرشی بردە سەر شانشینی ئەدیابین. بۆیە بەلاش ناچار بوو بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو دۆخە پەنا بۆ ئەدیابین بەرێت، بۆیە لە سەر داوای ئەو، مۆنۆبازۆس هێرشی بۆ سەر هێزەکانی ڕۆمان لە ئەرمەنستان برد.[3] دوای چەندین شەڕی گەورە، هێزەکانی ئەشکانی وئەدیابین توانیان هێزەکانی ڕۆمان لە ئەرمەنستان دەر بکەن وگەمارۆی تیگرانۆکەرتا بدەن، بەڵام نەیانتوانی دەستی بەسەر دا بگرن. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە دا، ئەشکانی و ڕۆمانەکان لە نوسەیبین[4] بە ئامادە بوونی پاشای ئەدیابین ڕێکەوتن نامەیەکیان مۆر کرد.[5] بە پێی ڕێکەوتنەکە ئەشکانییەکان ئەرمەنستانیان چۆڵ کرد، بەمەرجی ئەوەی (تیرێدات) بکرێتە فرمانڕەوا و ڕەزامەندی ڕۆمای لە سەر بێت. ئەوە بوو تیریدات لە تەك پاشای ئەدیابین دا بە مەبەستی وەرگرتنی تاجەکە لە ئیمپراتۆر نیرۆن (٥٤-٦٨ز) چوون بۆ ڕۆما، لە ساڵی (٦٦ز) کارەکە ئەنجام درا.[6] ڕێی تێ دەچێت بوونی پاشای ئەدیابین لە کاتی تاج لەسەر نانەکە، بۆ گومان بردنی پاشای ئەشکانی لە لە جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتن نامەکە بوو بێت.

دوای ماوەیەکی درێژ لە سەقام گیری، دووبارە ململانێکانی ڕۆمانی ئەشکانی دەستیان پێکردەوە، بە تایبەت کاتێك، کە تراجان (٩٨-١١٧ز) کاروباری خۆرهەڵاتی گرتە ئەستۆ. ئەم ئیمپراتۆرە ڕووی لە خۆرهەڵات کرد،[7] چونکە ڕۆمانەکان سور بوون لەسەر ئەوەی دەست بەسەر ئەو ڕێگایانە دا بگرن، کە لە ڕێی تەیسەفۆنەوە بەرەو خۆرهەڵات دەچوو،[8] جگە لە گێڕانەوەی سەروەرییەکانی ئەلیکساندەری مەکەدۆنی لە لایەن ئەم ئیمپراتۆرە ڕۆمانییەوە،[1]

---

[1] Josephus, *Op. Cit*., 20, 4, P. 417.

**چۆن بە بارمتە دانانی کوڕەکانی لە لای ڕۆمانەکان لەگەڵ پابەندی ئەدیابین بە ئەشکانی گونجاو بووە، لەوانەیە ڕۆمانەکان ئەم کارەیان بەسەر ئیزات دا سەپاندبێت بۆ ئەوەی ڕیی لێبگرن کە هێرش نەکاتە سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان، چونکە ئەدیابین سنوری لەگەڵ ئەو وڵاتە دا بوو، بەوەش بۆ ماوەیەك سەرکەوتوو بوون لە شکست پێهێنانی هەوڵەکانی (وەردان)ی پاشای ئەشکانی لە پەلکێش کردنی ئەدیابین بۆ ئەو شەڕە. ئایا بوونی ئەو منداڵانەی لە ئورشەلیم لە سنوری ڕۆمان بۆ مەبەستی پەروەردەی ئاینی جولەکە نەبووە؟ وەك یوسیفوس باسی کردووە.**

[2] **بیوار: م. ق، ص١٧٦.**

[3] عبدالعظیم رضایی: م. ق، ج٦، ص٣٦٥. **لە ڕاستی دا ئەو هێرشە لە باکوری ئەدیابین بووە، کاتێك تیگران لە دیجلە بەرەو خۆرهەڵات پەڕییەوە، بەڵام ئەو ناوچانەش وەك یێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ببوونە بەشێك لەم شانشینە.**

[4] **گوتشمید:** م.ق، ص١٥٤.

[5] **نلسون دوبواز: تاریخ سیاسی پارت اشکانیان، تر: علی اصغر حکمت، انتشارات کتیبخانە ابن سبنا، تهران، (بی تاریخ نشر)، ص١٦٨.**

[6] **گوتشمید: تاریخ ایران، ص ص١٥٤-١٥٥؛ پیکولو سکایا: شهرهای ایران، ص ص١٠٦-١٠٧.**

[7] **دوبواز: تاریخ سیاسی پارت، ص١٧٥.**

[8] **إبراهیم شریف: الموقع الجغرافي، ج٢، ص ص٢٤٧-٢٥٠.**

وپێشێل کردنی ڕێکەوتن نامەی ساڵی (٦١ز) بوو، ئەمەش بیانویەکی باش بوو بۆ ڕۆمانەکان بۆ شاڵاو بردنە سەر خۆرهەڵات.[٢]

لە ساڵی (١١٥ز) دا تراجان لە ئەرمەنستانەوە شاڵاوەکەی دەست پێ کرد، دوای دەست گرتن بەسەری دا، رووی کردە شارەکانی (کوردستانی کۆن) لە میسۆپۆتامیای سەرو وەك نوسەیبین وماردین، ئینجا شاری ئیدیسای (ئورفەی ئێستا) پایتەختی ئوسروین. دوای ئەوە ئیمپراتۆر رووی لە شاخەکانی کوردوین کرد، ئەوە بوو لە قەڵای ئاتمیسیا[٣] دا روو بە رووی توندترین بەرەنگاری بوونەوە، لە دوای گەمارۆ خستنە سەری توانیان دەستی بە سەر دا بگرن.[٤]

لەشکرکێشییەکە[٥] بەرەو باشور لە ڕێی ڕێرەوەکانی سنگارە/شنگال[٦] بەردەوام بوو، بە نزیك بوونەوەی لە شاری سنگارە، (مەیتزاروس/منوس)ی فرمانڕەوای شارەکە، پەنای بردە بەر ئەدیابین، چونکە بەشێك بوو لە دەستەڵاتداریی ئەدیابین، بۆیە تراجان دەستی بەسەر ئەو شارە دا گرت،[٧] بەوەش دەستی بە سەر ئەو ڕێگایانە دا گرت، کە بەرەو هەر یەك لە دورا–ئوروپوس لە لێواری فورات وحەزەر لە بیابانەکانی میسۆپۆتامیای سەرو دا دەچوو.[٨] لە هەمان کات دا، میبارساپس[٩] (*Mebarsapes*)ی پاشای ئەدیابین خۆی بۆ روو بە روو بوونەوەی ئەو لەشکر کێشییە ئامادە دەکرد، بە پەڕینەوەی تراجان ولەشکرەکەی لە رووباری دیجلە هیواکانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاوا بوون، بۆیە نەیتوانی جوڵەیەکی ئەو تۆ بکات. بەو شێوەیە شارو ئاوەدانییەکانی ناوچەکە بە بێ شەڕ کەوتنە دەستی تراجان. تێپەڕ بوونی تراجان بە ناوچەی ئەدیابین بۆ هەڵکەوتەی ئەم شارە دەگەڕێتەوە، کە دەکەوتە سەر ئەو ڕێگەیەی ناوچەکانی سنوری هەر دوو دەوڵەتی بە تەیسەفۆنی پایتەختی ئەشکانی دەبەستەوە. واتە دەست بەسەر داگرتنی ئەدیابین، دەرفەت بۆ ئەشکانییەکان ناهێڵێتەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی لەشکری ڕۆمانی. بۆیە لەم جەنگانە ئەشکانییەکان خۆیان لە بەرانبەر ڕۆمانەکان دا گرت، هەروەك چۆن لەسەردەمی ئەلیکساندەری مەکەدۆنی، کاتێك ئەم ناوچەیە کەوتە دەستی لەشکری یۆنانی، ئیتر بەربەستێك بۆ بەرەنگار بوونەوەیان نەمایەوە. جگە لەوەش هەمان ئەو ڕێرەوەی گرتە بەر کە پێشتر ئەلیکساندەری مەکەدۆنی گرتبوویە بەر.

لەشکر کێشییەکەی تراجان بەرەو باشور بەردەوام بوو، تا گەیشتە تەیسەفۆن و گرتی، بەو بۆنەیەشەوە ئەنجومەنی سێنات نازناوی (*Parthicus*) واتە "سەرکەوتوو بەسەر پارث (ئەشکانیەکان)"ی لێنا.[١٠] لە دوای شکستی لەشکر

---

[١] بیوار: تاریخ سیاسیی ایران، ص١٩٠.

[٢] گوتشمید: تاریخ ایران، ص٦٤.

[٣] شوێنی تەوای ئەم قەڵایە روون نییە، بەڵام پێدەچێت لە ژێر دەستی ئەدیاین بوو بێت.

[٤] عبد العظيم رضايي، **گنجينه تاريخ إيران** ، ج٦، ص٤٠٩؛ البرواري، هيفي صبري جميل، الحروب الفرثية–الرومانية وأثرها على كوردستان (٩٢ق.م–٢٢٦م)، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الآداب–جامعة دهوك، ٢٠٠٨، ص٦٤.

[٥] بۆ ڕێڕەوی لەشکرکێشییە ڕۆمانییەکان، دەڕوانرێتە: نەخشەی ژمارە (٢).

[٦] پێدەچێت هەر هەمان شار بێت، کە دواتر بۆ سنجار بەعەرەبی کرابێت.

[٧] گوتشمید: تاریخ ایران، ص١٦٦.

[٨] جابر خليل إبراهيم: منطقة لموصل، ص١٣٨" توێژەرێك پێی وایە، کە گۆڕینی سنور بۆ هێڵی گرێدانی خابور– سنگارە، یەکێك لە ئامانجە سەربازییەکانی ڕۆمان بووە، واتە بۆ باشوری سنوری پێشوو. بیوار، تاریخ سیاسی ایران، ص١٨٧.

[٩] وتراوە ڕۆمانەکان ئەم پاشایە یان بە سەرسەخت ترین دوژمنی خۆیان لە قەڵەم داوە، گوتشمید، تاریخ ایران، ص١٦٦. لەوانەیە ئەمە بۆ پێگەی شانشینەکەی بگەڕێتەوە، چونکە بەربەستی سەرەکی بوو بۆ گەیشتن بە تەیسەفۆنی پایتخت وسروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئەشکانی دا.

[١٠] دوبواز: تاریخ سیاسی پارت، ص٢٠٠.

کێشیی تراجان، ناوچەکە بۆ بارودۆخی پێشوتری گەڕایەوە، شارەکانی کوردستان، وەك ئەدیابین وئوسروین کەوتنەوە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی ئەشکانی.[1]

بە هۆی لاواز بوونی زێتری دەوڵەتی ئەشکانی شانشینەکان دەست واڵاتر بوون،[2] بە تایبەت ئەدیابین و ئەوانەی ناوچەی باکوری نێوان دیجلە و فورات، چونکە بە هۆی لەشکر کێشییە بەردەوامەکانەوە، ئەم شارانە زیانی زێتریان بەر کەوتوو بوو.

بەو شێوەیە تا ساڵی (١٩٢ز) شەڕی گەورە رووی نەدا، لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری لە هەردوو دەوڵەت دا روویاندا، بە هۆی مردنی بەلاشی سێیەم (١٤٨–١٩٢ز)ەوە دەوڵەت زێتر لاواز بوو. سەبارەت ب ئیمپراتۆریی رۆمانی، رکابەرییەکی گەورە لە نێوان (نیجەر/Pescennius Niger) فەرمانڕەوای رۆمانی لە سوریا و (سێپتیمۆس سیڤێروس/Septimius Severus) (١٩٣–٢١١ز) دا دەستی پێ کرد، لەو ناوەندەش دا، بەلاش بەلای نیجەر دا بوو. تەنانەت عبد سمیا(پرسیمیۆس)ی پاشای حەزەر و ئەبگەری نۆیەم ی پاشای ئوسروین و نەرسیسی پاشای ئەدیابین، هێزیان بۆ پشتیوانی کردنی نیجر نارد. لە ئەنجامی ئەو ململانێیە دا سپتیمۆس سەرکەوت، بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ناوچەکە، هێرشی کردە سەر ئوسروین، دوای ئەوە رووی کردە نوسەیبین، پاش گەمارۆ دان ودەست گرتن بەسەری دا، کردییە ناوەندی پرۆسە سەربازییەکانی خۆی لە ناوچەکە دا.[3] دواتر روو لە ئەدیابین کرد ولە دوای سەرکەوتنی بەسەر ئەشکانییەکان و ئەدیابین و حەزەر دا، هاوشێوەی تراجان، سێنات چەند نازناوێکی پێی بەخشی: (*Parthicus Maximinus*)[4] و (*Adiabenecus*) و (*Arabicus*) "سەرکەوتوو بەسەر بارث (ئەشکانی)" و"ئەدیابین" و"حەزەر". نازناوی ئەدیابینیکوس لەو کاتەدا گرنگی وهێزی ئەدیابین دەردەخات، چونکە رۆمانەکانیش زۆر بە نا رەحەتی ئەو ناوچەیەیان گرت، هەروەها ناوهێنانی ئەم نازناوە سەربەخۆیی وناوبانگی ئەدیابین دەسەلمێنێ، ئەگەر نا هەر بە نازناوی بارثیکوس (سەرکەوتوو بەسەر ئەشکانەکان) بەس بوو.[5] لە لای خۆشییەوە، بەلاشی چوارەم لە ساڵی (٩٦)دا پێی وابوو، سپتیمیۆس هێرش بۆ سەر پایەتەخت دەکات، بۆیە خۆی لە تەیسەفۆن حەشار دا.[6] واتە دیسان لە دوای دەست بەسەر دا گرتنی ئەدیابین، هیچ هەلێك بۆ بەرگری ئەشکانییەکان نەمایەوە، بۆیە وەك دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ هێرش بردنە سەر تەیسەفون.

لە لای خۆیە بەلاشی چوارەم بارودۆخی ناوخۆی رۆمای قۆستەوەو هێرشی بردە سەر رۆمانەکان لە ئەدیابین و دوای ئەوەی لە دیجلە پەڕیەوە، هێزەکانی رۆمانی لە دەشتەکانی میسۆپۆتامیای سەروی لە کوردستان دا دەرکرد ودەستی بەسەر دا گرت، بەڵام بە هۆی بەرگری توندی رۆمانەکان لە نوسەیبین، نەیتوانی ئەو شارە بگرێت.[7] لە هەمان کات دا، پشێوی باری ناوخۆیی، بەلاشی چار کرد بۆ وڵاتەکەی بکشێتەوە، هەر دوای ئاسایی بوونەوەی بارو دۆخەکە،[8] دووبارە هێرشی بردە سەر ئەدیابین، دوای وێرانکارییەکی زۆر لە شاری ئەربێلا، دەستی کرد بە راوە دونانی

---

[1] **پیکولو سکایا: شهرهای ایران**، ص١١٢؛ البرواري، الحروب الفرثية–الرومانية، ص١١١.

[2] **گوتشمید: تاریخ ایران**، ص١٧٢.

[3] **پیکولو سکایا: شهرهای ایران**، ص١١٢.

[4] Birley:Anthony R.: Septimius Severus, the African Emperor, Routledge, London, 1999, P.130.

[5] Dio Cassiu: Dio's Rome, 75, 9.

[6] عبد العظيم رضايي: **گنجينه** تاريخ إيران ، ج٦، ص٢٥.

[7] **پیکولو سکایا: شهرهای ایران**، ص١١٢.

[8] **بە پێی مێژووی پەیوەست کراو بە مشیحا زخا**، (ماد)ەکان رۆڵیان لەو پشێویانەدا هەبووە، (المنسوب اليه): كرونولوجيا أربيل، ت. وتع. عزيز عبد الأحد النباتي، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠١، **ص١٤٠**.

(نەرسیس)ی پاشای ئەدیابین وبە دیلی گرتی و بە بیانوی ئەوەی، کە لەپشێوییەکانی خوراسان دا هاوکاری نەکردووە و لە بەرانبەر هێرشی رۆمانی بۆ ناوچەکە سازشی کردووە، لەو کاتەی ئەم سەرقاڵی خوراسان بوو، خستییە ناو ئاوی زێی گەورە.[1] کەواتە جارێکی تر پاشای ئەدیابین لە ئەنجامی باڵا دەستی رۆمانی وکشانەوەی ئەشکانی دا چووە پاڵ لایەنی بەهێز، ئەو هەڵوێستەی بەلاش بەرانبەر بە نەرسیس بۆ ئەوە بوو، کە ئەدیابین وەك دەروازە و قەڵغان بوو بۆ ئەشکانییەکان بۆ روو بە رووبوونەوەی شاڵاوی رۆمانی، بۆیە هەمیشە لە دوای شاڵاوی رۆمانی بۆ سەر ناوچەکەیان، ئەشکانیەکان هەوڵی بەپەلەیان بۆ گرتنەوەی ئەدیابین بوو، تا پایتەخت لە مەترسی رۆمانی دوربخەنەوە.

ئەم ململانێیە شوێنەواری خوێناوی و وێران کەری لەسەر ئەدیابین جێهێشت، بە تایبەت دەوڵەتی ئەشکانی، کە زۆر لاواز ببو،[2] ئەوەبوو لە زۆربەی جەنگەکان دا رۆمانەکان لە رێگەی ئەدیابینەوە دەستیان بەسەر تەیسەفۆن دا گرت. ئەوەش دەبووە هۆی لەق بوونی متمانە بە پاشایانی ئەشکانی بە راگرتنی هاوکێشەی هێز بەرانبەر بە رۆمانەکان، لە کاتێك دا خۆیان توانای ئەو رووبە رووبونەوەیەیان نەبوو. هەروەك بینیمان، چۆن پاشا نرسیسی ئەدیابین کاتێك هەستی بەوە کردبوو، پەنای بردە بەر رۆمانەکان. بەڵام کاریگەری قوڵی ئەم ململانێیانە زیاتر لەسەرئەو ناوچانە دا بوو، کە بوو بوونە مەیدانی پێکدادانە گەورەکانیان، بە تایبەت شاری ئەربێلا، کە بە هۆی هەڵکەوتنی لە نێوان سنوری هەردوو دەڵەت دا، زۆربەی شەڕەکانیان لەو ناوچانەدا یەکلا دەبووەوە. هەر کاتێکیش بارەکە بەسەر لایەکیان دا دەشکایەوە، چارەنوسی ئەو شارانە سوتاندن ووێران کردن بوو، وەك ئەوەی کە بەلاش بەسەر ئەدیابین وپاشاکەی دا هێنای. یان ئەوەی کەراکەللا لە ئەربێللا دا بەرانبەر بە گۆڕی پاشایانی ئەدیابین دا کردی.

کاتیکیش دەوڵەتی ساسانی دەرکەوت، بە پێی کرۆنۆلۆجیای ئەربیلا[3]، ئەدیابین بۆ دەرباز بوون لەو بارو دۆخە، هاوکاری ئەو پاشا نوێیەیان کرد.[4] هەرچی ساسانییەکان بوون، بە هۆی پەیڕەو کردنی سیاسەتی ناوەندێتیی کارگێڕییەوە کۆتاییان بە دەستەڵاتی چەند سەد ساڵەی ئەدیابین هێناو کەسانی بنەماڵەی خۆیان وەك فرمانڕەوا بۆی دیاری کرد. ئەوەبوو ئەدەشێری کوڕی پاپەك (٢٢٤–٢٤١ز) لە دوای دەست گرتن بەسەر ناوچەکە دا، لە دوای مردنی شهرات، کەسێکی تری ناردو کردیە فەرمانڕەوا.[5] لە دوای ئەویش شاپوری یەکەم کوڕێکی وەك فەرماڕەوا لە ئەدیابین دیاری کرد،[6] بەو شێوەیە وەك هەرێمێکی کارگێڕی مامەڵەی لە بەرانبەردا کرا. ئەمەش بۆ ئەزموونی پێشووی ئەشکانییەکان دەگەڕایەوە، کە سیستەمێکی یەکانگیریان نەبوو وبەو هۆیەوە دەوڵەتێکی لاوازیان هەبوو. پێگەی ستراتیجی ئەدیابینیش، کە نزیك بوو لە سنوری رۆمان، بۆیە دەبووایە گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت.

لەسەردەمی ساسانی دا ئەدیابین وەك پێگەیەکی ستراتیجی کارگێڕی ناوی لەسەرچاوەکانیش دا کەم دەبرێت، چونکە ئەو دەستەڵاتە ناوخۆیەی جارانی نامێنێت، ئەوەش بۆ گۆڕینی ستراتیجی ساسانی دەگەڕێتەوە: لە لایەکەوە ساسانییەکان زێتر هەڵوێستی هێرش بردنیان لە دژی رۆمانەکان دەبێت ، لە لایەکی تریشەوە، سەرچاوە

---

[1] دوبواز: م.ق، ص٢٣١.

[2] لەبارەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی وکەلتورییەکانەوە، دەڕوانرێتە: البرواري، تاريخ الحروب الفرثية–الرومانية، ص ص١١٨–١٢٠.

[3] بۆ ناوی ئەم کتێبە ، دەڕوانرێتە، پێشەکی توێژینەوەکەمان پەراوێزی (١).

[4] کرونولوجيا أربيل، ص١٤٧.

[5] کرونولوجيا اربيل، ص١٥٠. بەپێی لێکدانەوەی تر شاپوری یەکەمی کردووەتە فرمانڕەوای ئەدیابین، دەڕوانرێتە: ولاديمير لوكونين، تمدن ايران ساساني، تر: عنايت الله رضا، چ٤، شركت انتشارات علمی وفرهنگی، ١٣٨٤ ه.ش، ص٩٩.

[6] ولاديمير لوكونين: همان، ص٨٩.

ساسانييەكان باس لە چۆنييەتی تێپەڕ بوونی لەشكرەكانیان بە ناوچەكان دا ناكەن، كە بێگومان، هەڵكەوتەی ئەدیابین وەك لەسەرەوە باسكراوە، پردی بەیەك گەیاندنی ناوەندی دەوڵەتی ساسانی و سنوری ڕۆمانی بوو. لە لای خۆشیانەوە ڕۆمانەكان ئەو لەشكركێشیانەی لە سەردەمی ساسانیدا بەمەبەستی گەیشتن بە پایتەختی ساسانی (تەیسەفۆن) ئەنجامیان دەدا، لە ڕێگەی ئەرمەنستان، یان فورات بوو.

## بەشی دووەم

## كاریگەری هەڵكەوتەی ئەدیابین لەسەر گۆڕانە كلتورییەكانی

### یەكەم: ئاینەكان

### ئاینی جولەكە

ناوداریی پاشایانی ئەدیابین لە سەدەی یەكەمی پ.ز دا زیاتر پەیوەست بووە بە ئایینی جولەكەوە[1]، چونكە زانیارییەكانی تایبەت بەو پاشایانە لە لایەن مێژوو نوسی جولەكە، (یوسیفۆس)ەوە بووە، كە هەندێ زانیاری لەو بارەیەوە تۆماركردووە،[2] پێدەچێت ئەوەش بە هۆی گۆڕینی ئاینەكەی بۆ جولەكە بووبێت. پەیوەندی ئەم بنەماڵەیە بە جولەكە زیاتر لە لایەن ئیزاتیسی دووەم بووە، پێش ئەوەی جێی (مۆنۆبازوس)ی باوكی بگرێتەوە، كە لە ساڵی (٣٦ز)دا مرد، دواتر پەیوەندیی سیاسی توندو تۆڵی لەگەڵ ئەردەوانی سێیەمی (١١-٣٨ز) پاشای ئەشكانی دا بەست.[3]

پێدەچێت هۆی جولەكەبوونی بۆ ئەوە بگەرێتەوە، كە ئەدیابین دەكەوتە سەر ڕێگای بازرگانی ئاوریشم[4] وڕێگەكانی باشور و باكوری میسۆپۆتامیا، چونكە لەو ناوچەیەدا جولەكە چالاك بووەو ئەوانیش بە بازرگانی دەوڵەمەند بوون.[5] ڕێگە بازرگانییەكان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە بڵاوبوونەوەی كەلتورە جیاوازەكان، بە تایبەتیش بیروباوەڕ و زمان، چونكە بە هۆی بوونی ئەو ڕێگایانەوە هاتوو چۆی نێوان ناوچە جیاوازەكان و ئاشنا بوونیان زۆر كاریگەر بووە.[6] ئەو هەڵكەوتنەی ئەدیابین لە نێوان ڕێگا بازرگانییەكانی[7] ئاسیای بچووكی ژێر كۆنترۆڵی ڕۆمانی لە باكوری خۆر ئاوا و

---

[1] بوون و بڵاوبوونەوەی جولەكە لە ناوچەكەدا زۆر لەمە كۆنترەو بۆ سەردەمانی ئاشوری نوێ (٩١١-٦١٢پ.ن) دەگەڕێتەوە، بەتایبەت شیلمەسەری سێیەم (٨٥٨-٨٢٧پ.ن)، لەوەش زیاتر لە سەردەمی نوێی بابلی، كە نەبوخەد نەسر (٦٠٥-٥٦٢پ.ن) دوو جار بە دیلی هێنانییە ناوچەكانی كوردستان وبابل، بەڵام ئەم گۆڕانەی باوەڕی بنەماڵەی ئەدیابین جیاوەزە لەو مەسەلەیە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: هديب غزالة، الدولة البابلية الحديثة، الاهالي للطبع، دمشق، ٢٠٠١، ص ص٧٥-٧٧. بەڵام بوونی بنەماڵەی ئەدیابین بە جولەكە ڕوداوێكی تایبەتە.

[2] Josephus, Antiquities, 20, P.416.

[3] Ibid., 20, 417;

پیگولو وسكایا، شهرهای إیران ص ص٩٧-٩٨.

[4] هەروەها ڕێگەی شاهانە لەسەردەمی هەخامەنشییەوە، بە ئەدیابین دا تێدەپەڕی، ئەوەش گرنگییەكی زیاتری پێدەبەخشی، بڕوانە:

Marcellinus: *The Roman History*, XXIII, III,I, P.320.

[5] ڕیچارد س.فۆلتز: ئاینەكانی ڕێگای ئاوریشم، و.كازیوە، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل٥٢.

[6] هەمان سەرچاوە، ل١٤-١٥.

[7] بۆ ڕێگە بازرگانییەكان، دەڕوانرێتە: نەخشەی ژمارە (٣).

ناوچەکانی هیند وچین ودەستەڵاتی ئەشکانییەکان لە باشوری خۆرهەلات، گرنگی ئەم ناوچەیەی زیاتر دەکرد، چونکە چەندین کەل وپەلی بازرگانی لە نێوان ئەو ناوچانەدا دەگوێزرانەوەو ئالوگۆڕیان پێدەکرا[١]. ئەوەش دەبووە هۆی هاتوچۆی زیاتر و لەو ڕێگەیەوە بە کەلتوری یەکتر ئاشنا دەبوون. بۆیەش ئەو جموجۆڵەی بازرگانانی جولەکە لەو ڕیگە بازرگانیانەوە بوونە هۆی ئاشنا کردنی بنەماڵەی پاشایەتی ئەدیابین، تا ئەو رادەیەی کە ئاینی جولەکە لە خۆ بگرن. ئەو بازرگانە جولەکەیەی کە ناوی (حانانیا) بوو توانی کوڕی پاشای ئەدیابین لە میشان[٢] و لە ریگەی ئەویشەوە دواتر شانشینەکە بکاتە شانشینێکی جولەکە، بە تایبەت لە ناو بنەماڵەی پاشایەتیدا. راو بۆچوونی جیاواز لە بارەی رادەی بوون یان نەبوون یان شێوازی پەیوەندیی ئەم بنەماڵەیە بە جولەکەوە وتراون،[٣] بەلاّم ئەم توێژینەوە بوای ئەوەی نییە لەم بابەتە بکۆلێتەوە، بەڵکو لێرەدا دەمانەوێ زیاتر رۆڵ وگرنگی شوێن و هەڵکەوتەی ئەدیابین بە گشتی و ئەربێلای پایتەختی بە تایبەتی لە میانەی لە خۆگرتنی ئاینی جولەکە لێك بدەینەوە.

## ئاینی مەسیحی

تانزیکەی کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی، شانشینی ئەدیابین لە ژێر کەلتوری جولەکەدا بوو، یان لانی کەم بنەماڵەی دەستەلاّتداریێتی شانشینەکە لە ژێر کاریگەری راستەوخۆ، یان نا راستەوخۆی ئەو کەلتورەدا بوون.بەلاّم لە دوای ئەو بنەماڵەیە، کە جولەکەیان کردبووە ئاینی خۆیان، زانیاری وردمان لە بارەی شانشینەکە کەم دەبێتەوە، چونکە ئەوەی یۆسیفۆسی مێژوو نوس بە هۆی بیرو باوەڕی جولەکە و بەشدارییان لە هاوکاری کردنی راپەڕینی جولەکەوە گرنگی زۆری پێدا بوون، کەم بۆوە.

زانیارییە مێژووییەکان لە بارەی شانشینی ئەدیابینە لە دوای سەدەی یەکەمەوە زیاتر لە سەرچاوە رۆمانییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی هیچ ملاملانێیەکی ئایینی لە نێوان دەوڵەتی ئەشکانی ورۆمانیدا رووی نەداوە، زیاتر بەلای رووداوە سەربازی وسیاسییەکانی پەیوەست بەو ململانێیەی لە نێوانیان رووماڵ کردووە.[٤] ئەوەی زانراوە لەسەرچاوە مێژووییەکانی کڵێساکانی ناوچەکانی دەوروبەروە، بۆنمونە وەك مێژووی ئەربێلا، کە دراوەتە پاڵ (مشیحا زەخا)، ئەویش لەسەدەی شەشەمی زایینی دا نوسراوە، زانراوە، کە لە سەدەی یەکەمی زایینەوە ئاینی مەسیحی لە رێی موژدەبەرەکانەوە گەیشتووەتە ئەدیابین ، ئەویش لە لایەن مار ماری[٥] و لە سەرەتای سەدەی دووەمی زایینییەوە کڵێسەی لێ بووە. بە پێی ئەوەی کە ئەم مێژووە سەر بە کڵێسای ئەربێلای ناوەندی ئەدیابین بووە،[٦] پێدەچێت هەوڵی ئەوەی دابێت، شانازی بڵاوبوونەوەی مەسیحییە یەکەمەکانی خۆرهەلات لە ئەدیابینەوە سەرچاوەی

---

[١] Marcellinus: *The Roman History*, XIV, 3,3, P.10;

إبراهيم شريف: الموقع الجغرافي، ج١، ص١٢٣.

[٢] **پایتەختەکەی لە شاری خاراکس بوو لە باشوری میسۆپۆتامیا لە ناوچەی مەیسانی ئێستا**، طه باقر وآخرون: تاريخ إيران القديم، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٩، ص٩٨، **پاشای ئەدیابین پێشتر کوڕەکەی بەمەبەستی پەروەردەکردنی لە لای پاشای میشان دانا، ئەوەبوو لە لایەن بازرگانێکی جولەکەوە ئاینەکەی وەرگرت.**

[٣] **بۆ نمونە دەڕوانرێتە:**

Neusner: The Conversion of Adiabene to Judaism, Pp. 60-61. J.

[٤] **بۆ نمونە دەڕوانرێتە:**

Dio Cassiu: Dio's Rome, 62-28; Herodian of Antioch, History of the Roman Empire Tr. by Edward C. Echols, Univesity of California Press, Los Angeles, 1961, 3.9.

[٥] أدي شير: تاريخ كلدو وآثور، ص٢.

[٦] **بۆ نمونە**، مشيحا زخا (المنسوب اليه): كرونولوجيا أربيل، ص١١٩.

گرتبێت بۆ ناوچەکانی باکور، بەرەو ئیدیسا و باشور بەرەو وڵاتی بابل وتەیسەفۆنی پایتەختی ئەشکانی.[١] ئەگەر ئەمە راست بووبێت، کتێبەکەی مشیحا زەخا راست بێت، واتای ئەوەیە، کە ئەربێلا ناوەندی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت بووە بەرەو هەموو خۆرهەڵات، بەر لە ئیدیسا ونوسەیبین.

هەرچی مێژووی ئیدیسایە، بە جۆرێکی ترەو وایدەردەخات، کە لە دوای ئەوەی ئاینی مەسیحی گەیشتە ئەم شارە، لەوێوە لە رێگەی مار ئاگی بیروباوەڕەکەی لە رێگەی ئەدیابینەوە بەرەو خۆرهەڵات بەرەو ئەرمینیا وبەرەو باشور تا وڵاتی بابل و تەیسەفۆن و لەوێشەوە بەرەو خۆرهەڵات واتە هیندو چین بڵاو کردوەتەوە.[٢]

هەرچۆنێك بوو بێت، زوو ، یان درەنگتری بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی یان لە رێی کێوە بووە، جێی باسی توێژینەوەکەمان نییە.[٣] ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە هەڵکەوتەی شاری ئەربێلای کۆنی ناوەندی ئەدیابین، گرنگییەکی زۆری هەبووە، کە کەوتبووە سەر رێگە بازرگانیەکانی کە لە باکورەوە لە رێگەی ئیدسا و نوسەیبینەوە بە سنگارە و نەینەوا ودواجار بە ئەدیابین دا تێدەپەڕین بەرەو ناوچەکانی ناوەندی دەستەڵاتی دەوڵەتی ئەشکانی[٤] و هەردوو سنوری ئەشکانی و رۆمانی بەیەکەوە گرێ دەدا و ئەمەش وایدەکرد، کە هەر هەوڵێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی وهاتووچۆی کاروانە بازرگانییەکان، دەبووایە بە ناوچەکانی ئەدیابیندا تێپەڕێت. هەر ناوچەیەکیش رێی کاروانە بازرگانییەکانی پێدا تێپەڕ بووایە، لە هەموو ناوچە دوورەکانەوە خەڵکانی هەڵگری کەلتوری جیاواز سەردانی دەکردن. بۆیە ناوەندەکانی سەر رێگە بازرگانییەکان گرنگیەکی زۆریان لە گواستنەوەی ئاینەکان وبەیەك گەیشتنیان لە مێژوودا هەبووە.[٥] پێدەچێت لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی بازرگانان یەکتریان بە بیروباوەڕەکانیان ئاشنا کردبێت، یان گەیشتنی ئەو مژدەبەرە مەسیحییانە بەو ناوچانە، بە هۆی ئەو کاروانە بازرگانیانەوە بووبێت، چونکە ئەگەر ئاورێك لە نەخشە رێگەی بڵاو بوونەوەی مەسیحیی دا، وەك لە مێژووەکەی مار ئادای دا هاتووە، بدەینەوە، بۆمان روون دەبێتەوە ، کە ئەوانیش بە هەمان ئەو شارانەدا تێپەڕ بوو،[٦] کە لەسەر رێگەی کاروانە بازرگانییەکاندا بوونە بە درێژایی چاخە کۆنەکان.[٧]

دوای گەیشتن وبڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ئەدیابین دا، پێدەچێت بووبێتە ئاینی بەشێکی خەڵك، چونکە، لە لایەکەوە پاشایانی ساسانی زۆر بە توندی روو بە رووی مەسیحییەکان بوونەوەو دەیان چەوساندنەوە[٨] و زۆریان لێ کوشتن[٩]، ئەمەش بەڵگەیە بۆ کاریگەریی مەسیحییەکان لە ئەدیابین وناوچەکانی تریش، کە بووە هۆی ئەو

---

[١] أسموسن، جي.ث.: فاتحة الانتشار المسيحية في الشرق، تر. وتعليق جرجيس فتح الله، ، دار أدي شير للنشر والاعلام، أربيل، ٢٠٠٥، ص١٥.

[٢] سيغال، ج .ب: الرها المدينة المباركة، تر:يوسف ابراهيم جبرا، تقديم، غريغوريوس يوحنا ابراهيم، دار الرها، حلب، ١٩٨٨، ص٨٢–٨٣.

[٣] **بڕوانە:** أسموسن، فاتحة الإنتشار المسيحية، ص١٥+" سيغال، م.ن، ص٧٨+.

[٤] **ابراهيم شريف: الموقع الجغرافي العراق، ج١، ص ص ٩٩، ١٢٩، و دەڕوانرێتە: سيغال:** م.ن، ص٥٤.

[٥] **ریچارد س.فۆلتز: ئاینەکانی رێگای ئاوریشم، ل ل ١٤، ١٦، ٢٢.**

[6] Ilaria Ramelli: Possible Historical Traces in the *Doctrina Addai*, HUGOYE: JOURNAL OF SYRIAC STUDIES, Piacenza, (without date), section 18.

[٧] **دەڕوانرێتە: کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، موکریانی،** أربيل، ٢٠٠٨، ل١٤٣+.

[٨] **ئەم چەوساندنەوەیە لە هەموو سەردەمێك دا نەبوو، چونکە هەندێك لە پاشایانی ساسانی مامەڵەی پاشیان لەگەڵ دا کردوون**، کريستنسن، آرثر: إيران في عهد الساسانيين، تر:يحيى الخشاب، مر: عبد الوهاب عزام، طبعة جديدة، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨،ص٢٥٧.

[٩] **مشيحا زخا: کرونولوجيا اربيلا، ص١٦٨.**

کاردانەوەیی ساسانییەکان. لە لایەکی تریشەوە، بوونی ئەربێلا بە ناوەندی کارگێڕیی کڵێسەیی ناوچەکەو بە یەکێك لە ئەبرەشییەو ئوسقوفییەکانی خۆرهەڵات ناسراوەو گرنگیەکی تایبەتی بۆ مەسیحییەکان هەبووە.[١]

## ئاینی مانی

ئاینی مانیش یەکێکە لەو ئاینانەی، کە لە ناوچەکانی ئەدیابین دا بڵاوبوو، وەك ئاینەکانی تر وردبوونەوەو قوڵ بوونەوە لە چۆنییەتی دەرکەوتنی و بیرو باوەڕەکانی ناکۆڵینەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە کێشەی توێژینەوەکەمان نییە. ئەم ئایینە لە دوای ئەوەی شاپوری یەکەم (٢٤٢-٢٧٢ز) ڕێگەی بڵاو بوونەوەی پێ دا، لە ناوچەکانی خۆرهەڵات وخۆرئاوا دا بڵاوبۆوە، بە تایبەت لە خۆرئاوای دەوڵەتی ساسانی، کە پەیوەندی بە بابەتەکەی ئەمەوە هەیە، تا گەیشتە ناوچەکانی میصر وناوچەکانی تری ئیمپراتۆریی ڕۆمانی.[٢]

لەبەر ئەوەی ئەدیابین بەشێکی گرنگی خۆرئاوای دەوڵەتی ساسانی پێك دەهێنا، ببووە شوێنێکی گرنگ لە نزیك سنورەکانی ئیمپراتۆریی ڕۆمانی دا، بۆیە لە هەندێك لە شاڵاوەکان لەشکری ساسانی دا دەبووایە لە ڕێگەی ئەدیابینەوە ئەو لەشکرەی کە لە پایتەختی ساسانییەوە دەچوو بۆ بەرەکانی باکوری خۆرئاواو میسۆپۆتامیای سەرو، لەوێشەوە بەرەو نوسەیبین وشوێنەکانی تر[٣]. لە یەکێك لە شاڵاوەکانی شاپور دا بۆ ئەو سنورانە لە نوسەیبین و دواتر دورا یوروپۆس[٤]، مانی هاوشانی ئەو لەشکرە بەو ناوچانەدا گەڕاوە کە دەستیان بەسەریاندا دەگرت،[٥] بۆیە، کە ئەدیابین لەو ناوەندە دا بوو، یەکێك بووە لەو مەڵبەندانەی پێیاندا تێپەڕیوە بەرەو باکوری خۆرئاوا. مانی خۆشی لە کەفەلایە[٦] دا ئاماژەی بەوە کردوە، کە چۆن لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا گەشتی کردووەو بە ئەدیابین دا تێپەڕیوە و خوێندکارەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکەی ڕاسپاردووە.[٧]

سەرەڕای ئەوەی کە زانیاری وردمان لە بارەی باری کۆمەڵایەتی وئاینی ناوچەی ئەدیابین لەسەردەمی ساسانی دا نییە، بەڵام لە سەرچاوە سریانییە مەسیحییەکان زۆر بە ڕوونی ئاماژەیان بە بوونی مانییەکان و بیرو باوەڕیان کراوە.[٨] تەنانەت لەو سەرچاوانەدا، بە تایبەت لەوانەی سەردەمی درەنگی ساسانی، ئەوەندەی باس لە ململانێ لەگەڵ باوەڕی مانی ومانییەکان کراوە، ئەوەندە باسی زەردەشتی نەکراوە، هۆکاری ئەمەش ڕوون نییە، بەڵام پێدەچێت خێرایی لە بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە لەو هەرێمانەدا بە گشتی وئەدیابین بە تایبەتی، هۆکارێك بووبێت بۆ ئەم

---

[١] ادي شير: تاريخ كلدو وآثور، مجلد٢، ص١٢ " كريستنسن، آرثر: إيران في عهد الساسانيين، تر:يحيى الخشاب، مر: عبد الوهاب عزام، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٥.

[2] Iain Gardner and Samuel N. C. Lieu: Manichaean Texts From The Roman Empire, Cambridge, P.75.

[٣] دەڕوانرێتە:

Marcellinus, *The Roman History.*, XVIII, VII, 1- VI, 21-22, P.176

[٤] **دورا یوروپوس،** (الصالحية) **یە لەسەر ڕوباری فورات، بۆ شوێنەکەی، دەڕوانرێتە نەخشەی ژ.** (٣).

[5] Dodgeon & Lieu: Roman Eastern Frontier and the Persian Wars (AD 226±363), A Documentary History, Taylor & Francis, London and New York, 2005, P. 65.

[٦] **کفەلایە بریتییە لەو گفتوگۆو پرسیارو وەڵامانەی کە لە نێوان مانی وخوێندکارەکانیدا ڕوویانداوە، لە دوای خۆی کۆکراونەتەوە، دواتر بۆ زمانی یۆنانی کۆن وەرگێڕراوە، بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە:**

The Kephalaia Of The Teacher: The Edited Coptic Manichaean Texts In Translation With Commentary, IAIN GARDNER (E.J BRILL, 1995), Pp. 4, 9-10.

[٧] **هەروەها کرخا بێت سەلوخ بڕوانە:**

Lieu, Samuel N. C.: Manichaeism in Mesopotamia and the Roman East, Brill, Koln, 1994, P.34.

[8] Zachariah of Mitylene, Tr. Into English By F. J. Hamilton, D.D. And E. W. Brooks, M.A.London, 1899, P.173+.

باسكردن وململانێیە، چونكە هەندێكیان كتێبیان لە دژی مانی نوسیوەتەوە،[1] ئەوەش بەڵگەی ئەم بۆ چوونەمانە. جگە لەوەش دۆزینەوەی ژمارەیەك دەقی ئایینیی مانی لە دورا-یوروپۆس[2] لەسەر فورات لە خۆرئاوای ئەدیابین، دەری دەخات، كە لەو ناوەندە دا ئەدیابین مەڵبەندێكی تری ئەم ئاینە بووە. هەروەها ئەم ئایینە بەوەی هەندێك لە بنەماكانی مەسیحییەتی لە خۆ گرتوو بوو، ئاسانتر قبوڵ كراوە، ئەمەش بۆتە مەترسییەك بۆ پیاوانی ئایینیی مەسیحی. بەڵام ئەوەی مەسەلەكەی لیڵ كردووە، ئەوەیە كە پێناچێت زۆر بە وردی ئایینی مانی و زەردەشتییان لەیەكتر جیاكردبێتەوە، چونكە هەندێك لە بنەما سەرەكییەكانی زەردەشتی لە مانیزم دا بەدی كراوە، وەك دووانەی تاریكی و روناكی. هەروەها لەو بابەتانەی كە لەگەڵ مەسیحییەت دا هاوبەشی هەبووە، مەزنی یەكەم، پیاوی دێرین ودایكی ژیان وەك سیانەی مانیزم دەبینرێن لە بەرانبەر باوك وكوڕ وگیانی پیرۆزی مەسیحییەت.[3] جگە لەوەش مەسەلەی ئەنجام نەدانی پشكنینی شوێنەوارناسی، هۆكارێكی تری كەمی بەڵگەكانمانن لە بارەی ئاینی مانی لە ئەدیابین دا.

## دووەم: زمان وئەدەب ونەریت

بە یەك گەیشتنی ئەو دەستەڵات و ئایینە جیاوازانە لە ئەدیابین، كە هەر یەكەیان خەسڵەتی جیاوازی هەبوو، ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە، كە ئایا ئەم جیاوازییانە چی كاریگەرییەكیان بووە لەسەر زمان وئەدەب ونەریتی ئەدیابین و ناوچەكانی دەوروبەری؟ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە كارێكی ئاسان نییە، چونكە تا ئێستا بەڵگەی ورد وتەواو وراستەو خۆی ناوچەكەمان بەدەستەوە نییە لەم بارەیەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین هەندێك لایەنی كەلتوری بخەینە روو، كە رەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانە بن.

ئەدیابین لە رووی سیاسییەوە سەر بە دەوڵەتی ئەشكانی بوو، هەرچەندە پاشایانی ئەشكانی زمانی پەهلەوییان بە كارهێناوە لە یادەوەرییەكانیاندا، بەڵام نوسین وزمانی ئارامی (سریانی) شوێنی خۆی لە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا كردبۆوە[4]، زانیارییەكانمان لەبارەی ئەدیابینەوە دەگمەنن، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوو دا پشكنینە شوێنەوارناسییەكان زۆر شتمان بۆ روون بكەوە. بەڵام گومانی تێدا نیە كە ئەدیابین لە ژێر كاریگەری ئەشكانی دا بووە، بۆنمونە ئەو پەیكەرەی كە لە چیای هەریر دا هەڵكۆڵراوە، وبە رای شارەزایان بۆ پاشایەكی ئەدیابین دەگەڕێتەوە،[5] ئەگەر بە نەخشە بەردینییەكانی ئەشكانی بەراوردی بكەین، كاریگەریی شێوەی هونەری پەریكەرتاشیی ئەشكانی پێوە دیارە.

سەردەمی دەستەڵاتی زێڕینی پاشایانی ئەدیابین لە سەدەی (١)ی زایینیدا بوو، كە پاشاكان لە ژێر كاریگەری كەلتوری جولەكە دا بوون، جگە لەوەی ئاینی جولەكەیان لە خۆ گرتوو بوو، لە رۆژانی راپەڕینی جولەكە (٦٦-٧٣ز) دا لە دژی دەستەڵاتی رۆمانی، پشتگیری و بەشدارییان بووە لەو راپەڕینە دا.[6] دوای ئەوە لە گرنگترین پابەندی

---

[1] بۆ نمونە دەڕوانرێتە:
S. Ephraim's: Against Mani, Transcribed from the Palimpsest B.M. Add. 14623 by the late C. W. MITCHELL, M.A., C.F., volume 2 (1921), Pp 190-191.

[2] Dodgeon & Lieu: Eastern Roman, I., P.284.

[3] ارثر كريستنسن: ايران في العهد الساسانيين، ص ص١٧٣، ١٨١.

[4] ارثر كريستنسن: ايران في العهد الساسانيين، ص ص٣٢، ٣٥.

[5] فؤاد سفر ومحمد علي مصطفى: الحضر، ص،ص٢٦، ١٨٥، ٢٠٨.

[6] Josephus: Jews War, Trans: H. ST. J. THACKERAY, Cambridge, London, 1956, II, I, P.5 and II, P.525.

شاژنە هیلیناو ئیزاتی کوڕی ومۆنۆباز بۆ جولەکە، ئەوە بوو، کە گۆڕستانێکی شاهانەیان لە ئۆرشەلیم بۆ خۆیان بنیات ناو هەر لەوێ بە پێی داب و نەریتی جولەکە نێژران.[١] ئەمەش بەڵگەیەکی روونە بۆ پابەندی بە ئاین و داب ونەریتی جولەکە، بەڵام نەزانراوە تا چەند ئەم کەلتورە لە ناو خەڵکی گشتی ئەدیابین دا رەنگی دابۆوە؟ لە سەرو بەندی بڵاو بوونەوەی مەسیحییەتدا لە ئەدیابین ناوی ئەو کەسانەی کە بوونەتە مەسیحی، ناوی جولەکەیان لە خۆگرتبوو، وەك:(شمشون و اسحاق وهابیل و..تاد)[٢] لەسەردەمی ئیزاتی دووەمدا ئەنجومەنی پیرانی ئەدیابین بە پێی وتەی یۆسیفۆس، لەبەر جولەکە بوونی لێ هەڵگەڕاونەتەوەو پەنایان بردە بەر بەلاشی پاشای ئەشکانی، تا دژایەتی بکات[٣] ولاوازی بکەن، یان لە دەستەڵات لایبدەن، تا چەند ئەمە پەیوەندی بە ململانێی سیاسیی کۆمەڵایەتیەوە هەبووە، یان ئاینی جولەکە، ئێستە ئەمە زۆر روون نییە. هەر ئەو نوسەرە باسی ناردنی پێنج لە شازادەکانی ئەدیابین دەکات، کە بۆ ئورشەلیم ننێررابوون، تا فێری زمانی عیبری بن.[٤] ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بنەماڵەی پاشایەتی ئەدیابین تا رادەیەکی زۆر کەوتوو بوونە ژێر کاریگەری کەلتوری جولەکە.

سەدەی دووەمی زایینی سەرەتایەك بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ناوچەکەدا، تا گەیشتە ئەوەی ئەم ئاینە بە رادەیەکی زۆر بڵاو لە ئەدیابین بڵابێتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نەك تەنها بیرو باوەڕەکە، بەڵکو کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا هێنا، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئینجیل (کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان) بە نوسین وخەتی سریانی بڵاو بۆووە،[٥] بۆیە هەموو سروتە ئاینی وپەرستشەکانیان بەو زمانە بووەو بۆتە زمانێکی پیرۆزی مەسیحییەکان. ئەمەش بووە هۆی هەوڵدان بۆ فێربوونی ئەو زمانە، دواتر لە چەند بوارێکدا نوسین بەو زمانە سەری هەڵدا، لەوانە لەرووی ئەدەب وئەفسانەی قدیسەکانیان، وەك مار قرداغ[٦] ویەزدان دۆخت[٧] (الشريفة الاربيلية)، رۆمانی تایبەت بە ژیانی ئەم دوو کەسە پیرۆزە بە هۆی کارە پیرۆزەکانیانەوە بڵاو بۆوە، ئەوانەش هەموو بە زمانی سریانی بوو، کە تائێستەش زمانی یەکگرتووی زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان و هەولێرە. هەروەها کتێبی مێژووی ئەربێلا، کە دراوەتە پاڵ مشیحا زەخا ناوێك، ئەم کتێبە بە نوسین وزمانی سریانی لە سەدەی (٦)ز دا نوسراوەو باس لە مێژووی کڵێسەی ئەربێلا دەکات، کە لە سەدەی دووەم تا سەردەمی ژیانی نوسەرەکەی لە خۆ گرتووە.[٨]

لە دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت ودامەزراندنی کڵێسەکان لە ناوچەکەدا، چەندین مامۆستا دەرکەوتن بۆ فێرکردنی شوێن کەوتوانی مەسیحی، بۆ فێربوونی زمانی ئارامی/سریانی ومێژوو وجوگرافیا،[٩] دێرەکانیش لەو بوارەدا رۆڵی گرنگیان بینیوە، لە سەدەی شەشەمی زایینی دا لە ناوچەی ئەدیابین چەندین خوێندنگە لە لایەن پیاوانی ئاینی کە رۆڵی مامۆستایان دەبینی کرانەوەو لەوانە (ابراهیم نەتفری) لە نزیك ئەربیلا،[١٠] وحنانای ئەدیابینی و جاسلیق

[1] Josephus: Antiquities of Jews, Book XX, P.18.

[٢] ادي شير: تاريخ كلدو وآثور، ج٢، ص٨.

[٣] جابر خليل إبراهيم: منطقة الموصل، ص١٤١.

[4] Josephus: Antiquities, XX, Ch.III, P.417.

[٥] مراد كامل ومحمد حمدي البكري و زكية محمد رشدي: تاريخ الادب السرياني من نشأته إلى العصر الحاضر، دار الثقافة للنشر، القاهرة، (د.ت)، ص٢٠.

[٦] آدي شير: تاريخ كلدو وآثور، ص٨٧-٨٨.

[٧] **م.ن، ص ص٧٥، ٨٤.**

[٨] **دەروانرێتە: مشيحا زخا: كرونولوجيا اربيل، ص ١٤، ٢٥.**

[٩] **رافائيل بابو اسحق: مدارس العراق قبل الاسلام، دار الوراق، لندن، ٢٠٠٦، ٦٢.**

[١٠] سليمان الصائغ: تارخ الموصل، الطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٢٨، ج٢، ص٢٠.

الحديابی له نسيبين خويندی،[1] هەندێكيان له خوێندنگه بەناوبانگەكانی نوسيبين ومداين دەياخوێند.[2] هەندێك جار زانايان له شارەكانی ترەوه بانگشت ئەكران بۆ ئەربيلا بۆ وانه وتنەوه.[3] هەروەها سركيس (٥٥٢ز مردوه)، وبولس ٣٠ ساڵ له اربيلا دەرسی وتوەتەوه دواتر لەسەر داوای يوستنيان (٥٣١–٥٦٥ز)ی ئيمپراتۆری بيزەنتينی چوو بۆ كۆستەنتينييەی پايتەخت[4] وگريگۆر كەسكری تاريخ كڵێسەی نوسيوه، بەڵام لەبەردەست نەماوه وله ساڵی (٥٩٦ز) دا خوێندنگەيەكی گەورەی دامەزراند.[5]

له رووی داب ونەريتی كۆمەڵايەتييەوه ئاينی مەسيحی كاريگەری خۆی هەبووه، چونكه ئاينيش بەشێك له نەريته كۆمەڵامەيتيەكان دەگۆڕێت، كه لەگەڵ بنەماكانی بيروباوەڕەكانی دا نەگونجێت، وەك نوسەرێكی كۆتاييەكانی سەدەی دووەمی زايينی نوسيويەتی، كه ئيسته خەڵكی له وڵاتی مادی وپرسييەكان و... خوشكی خۆيان ناخوازن ومردووەكانيان ناخەنه بەر گۆشت خۆرەكان وتاد.[6] هەرچەنده ناوی ئەديابينی نەهێناوه، بەڵام ئەوەش روونی دەكاتەوه، كه بەشێكی خەڵكی ئەديابين، كه مەسيحی بوون به پێی بڕوای ئاينەكەيان هەندێك نەريتی كۆمەڵايەتييان گۆڕاوەو هەنديكی تريش هەر لەسەر نەريتی كۆن ماون، له نێوانيان دا زەردەشتييەكان.

لێرەوه روون دەبێتەوه، كه كۆمەڵگەی ئەديابين، كۆمەڵگەيەكی خودان كەلتوری جياوازی تێكەڵ بووه، له ئاين وزمان ونەريتی كۆمەڵايەتی جياجيا، ئەوەش بۆ هەڵكەوتەی پێگەی ئەديابين دەگەڕێتەوه، كه كەوتبووه نێوان چەندين كەلتوری جياوازی وەك زەردەشتی وجولەكەو مەسيحی ومانی، ئەمه له لايەك، كەلتوری جياوازی خۆرهەڵاتی له ئەشكانی ودواتر ساسانی وخۆرئاوا واته رۆمانی، ئەمانيش كاريگەری جياوازيان بووه. ئێستەش ئەگەر تەماشای نەخشەی كەلتوريی هەولێر بكەين، ئەو جياوازييەمان بۆ روون دەبێتەوه، كه هەندێكيان رەگی مێژوويیان هەيه، به درێژايی ئەو مێژووه گەيشتووەته ئەم قۆناغەی ئێستای.

---

[1] **رافائيل بابو اسحق: م.س، ص ص١٠٣،٦٩-١٠٤.**

[2] آدی شير: كلدو وآشور، ص ص٢٥٨، ٢٧٩.

[3] **رافائيل بابو اسحق: م.س، ص١٣١.**

[4] آدی شير: م.س، ص٢٧٩.

[5] **رافائيل بابو اسحق: م.س، ص١٤٩.**

[6] برديصان: شرائع البلدان، ترجمة من السريانية: البير ابونا، منشورات مجلة المجمع العلمي العراقي، (عدد خاص بالهيئة السريانية)، مجلد١٢، بغداد، ١٩٨٨، ص ٣١٠" ادي شير: تاريخ كلدو وآشور، ج٢، ص٥.

## ئەنجام

پێگەی سیاسی ستراتیجی لە نێوان زل هێزەکانی ئەرمەنستان-ئەشکانی-رۆمانی کاریگەری زۆری لەسەر رۆڵی ئەدیابین لەو ناوەندەدا بینیوە. چونکە ئەم پێگەیە بووە هۆی ئەوەی ئەدیابین ببێتە مەیدانی پێکدادانی ئەم هێزانەو هەر یەکەیان چاویان بڕنە ئەو پێگەیە، هەروەها هەڵکەوتەی ئەم ناوچەیە لە شوێنی بەپیتی زەوی، کە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ وسامانی مرۆیی، ئەوەش گرنگی ناوچەکانی زیاتر دەکرد.

هەڵکەوتنی ئەدیابین-ئەربێلا لەسەر رێگەی بازرگانی بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی کەلتوری جیاواز وفرە بیرو باوەڕ، وەک: زەردەشتی، جولەکە، مەسیحی ومانی. ئەگەر بڕوانینە ئەم ئاینانە، بۆمان دەردەکەوێت، کە شوێن وهەڵکەوتەی ئەدیابین ببووە شوێنی تێکەڵ بوونی بیرو باوەڕە ئاینییە جیاوازەکان، چونکە ئەم جۆرە هەڵکەوتەیە زۆر گرنگ بووە بۆ هاتوو چۆ کردنی کاروانە بازرگانییەکان ولە رێی ئەوانەوە مژدەبەرەکان سودیان لێوەرگرتووە.

دواجار هەڵکەوتنی لە نێوان زل هێزەکانی ئەو سەردەمانە، بۆتە مەیدانی پێکدادانە گەورەکان، ئەوەش بۆتە هۆی وێرانکاری ولاواز بوونی ژێرخانی وڵاتەکە. لەگەڵ ئەوەی ئەو پێگە گرنگە وایکرد بوو، ئەشکانییەکان گرنگی زۆری پێ بدەن وهەروەها لە ناوخۆدا زوو گەشە بکات، بەڵام ئەمە تا کۆتایی نەبووە لە گەشەکردن دا، چونکە وێران بوونی ژێرخانی ئابوری ودواتر لاواز بوونی دەستەڵاتی ناوخۆیی، تا لە سەردەمی ساسانی دا بەیەکجاری بەشێوازی ناوەندی لە لایەن ساسانییەکانەوە بەڕێوە ببرێت.

# پاشكۆ

## نەخشەكان

ژ. (١) هەڵكەوتەی شانشینی ئەدیابین لە نێوان دەوڵەتەكاندا




ژ.(٢) لەشکرکێشی ڕۆمانی
Pontus
Armenia
Cappadocia
Commagne
Gordyene
Atropatene
Adiabene
Osroene
ئیدیسا
نوسەیبین
ئەنتاکیا
ئەربێلا
حەزەر
میدیا
دەوڵـــــــەتی پارثی
تەیسەفون
سوسە
Characene
میسین
Emesa
114
115
116
117
118

ژ.(٣) ریگەو شارە گرنگەکانی ناوچەکە




## ليستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە عەرەبی


١.برديصان: شرائع البلدان، ترجمة من السريانية: البير ابونا، منشورات مجلة المجمع العلمي العراقي، (عدد خاص بالهيئة السريانية)، مجلد١٢، بغداد، ١٩٨٨.

٢.بلوتارخ: السير، تر: جرجيس فتح الله، دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٥.

٣. ابن حوقل: صورة الأرض، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩.

٤. مشيحا زخا (المنسوب اليه): كرونولوجيا أربيل، ت. وتع. عزيز عبد الأحد النباتي، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠١.


### ژێدەرەکان بە عەرەبی


٦.إبراهيم شريف: الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الإسلامي، مطبعة شفيق، بغداد، (د.ت).

٧.أدي شير: تاريخ كلدو آثور، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩١٣، مجلد٢.

٨.أسموسن، جي.ث: فاتحة الانتشار المسيحية في الشرق، تر. وتعليق جرجيس فتح الله، ، دار أدي شير للنشر والاعلام، أربيل، ٢٠٠٥.

٩.البرواري، هيفي صبري جميل، الحروب الفرثية-الرومانية وأثرها على كوردستان (٩٢ق.م-٢٢٦م)، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الآداب-جامعة دهوك، ٢٠٠٨.

١٠.جابر خليل ابراهيم، منطقة الموصل في فترة الاحتلال الاجنبي الاخميني والسلوقي والفرثي، موسوعة موصل الحضارية، دار الكتب، موصل، مجلد١، ١٩٩١.

١١.رافائيل بابو اسحق: مدارس العراق قبل الاسلام، دار الوراق، لندن، ٢٠٠٦.

١٢.سليمان الصائغ: تارخ الموصل، الطبعة الكاثوليكية، بيروت، ١٩٢٨، ج٢

١٣.سيغال، ج .ب: الرها المدينة المباركة، تر:يوسف ابراهيم جبرا، تقديم، غريغوريوس يوحنا ابراهيم، دار الرها، حلب، ١٩٨٨.

١٤.طه باقر وآخرون: تاريخ إيران القديم، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٩.

١٥.فؤاد سفر ومحمد علي مصطفى: : الحضر مدينة الشمس، مؤسسة رمزي، بغداد، ١٩٧٤.

١٦.كريستنسن، آرثر: إيران في في عهد الساسانيين، تر:يحيى الخشاب، مر: عبد الوهاب عزام، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨.

١٧.مراد كامل ومحمد حمدي البكري و زكية محمد رشدي: تاريخ الادب السرياني من نشأتة إلى العصر الحاضر، دار الثقافة للنشر، القاهرة، (د.ت).

١٨.نائل حنون: حقيقة السومريين ودراسات أخرى في علم الاثار، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٧.

١٩.هديب غزالة: الدولة البابلية الحديثة، الاهالي للطباعة، دمشق، ٢٠٠١.

## ژێدەرەکان بە فارسی

٢٠.آلفريد گوتشميد: تاريخ ايران وممالك همجوارآن از زمان اسكندر تا انقراض اشكانيان، تر: كيكاوس جهاندارى، ض٤، انتشارات ققنوس، تهران، ١٣٨٢.

٢١.بيوار، أ.ز.د.هـ: تاريخ سياسى إيران در دورەى اشكانيان، در: تاريخ ايران از سلوكيان تا فروباشى دولت ساسانيان ، تر: حسن أنوشة، (گرداوروندى، إحسان يارشاطر)، چ٢، انتشارات أمير كبير، تهران، ١٣٨٣، جل٣، ق.١

٢٢.پيگولو وسكايا: شهرهاى إيران در روزگار اشكانيان و ساسانيان، تر: عنايت الله رضا، چ٣، شكت انتشارات علمي و فرهنگي، تهران، ١٣٧٧.

٢٣.دوبواز، نلسون: تاريخ سياسى پارت اشكانيان، تر: على اصغر حكمت، انتشارات كتيبخانة ابن سينا، تهران، (بى تاريخ نشر).

٢٤.رضايى، عبدالعظيم: گنجينه تاريخ إيران (اشكانيان)، انتشارات اطلس، تهران، ١٣٨٧، جلد ٦.

٢٥. لوكونين ، ولاديمير: تمدن ايران ساسانى، تر: عنايت الله رضا، ض٤، شركت انتشارات علمى وفرهنگى، ١٣٨٤ هـ.ش.

٢٦. مالكوم كالج: اشكانيان، تر:مسعود رجب نيا، چ٢، انتشارات هيرمند، تهران، ١٣٨٣.

## ژێدەرەکان بە کوردی


٢٦.ریچارد س.فۆلتز: ئاینەکانی رێگای ئاوریشم، و.کازیوە، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٧.کامەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، موکریانی، أربیل، ٢٠٠٨.


## سەرچاوەکان بە ئینگلیزی


28.Dio Cassiu: Dio's Rome, New York, 1904.

29.Ephraim's , S: Against Mani, Transcribed from the Palimpsest B.M. Add. 14623 by the late C. W. MITCHELL, M.A., C.F., volume 2 (1921).

30.Herodian of Antioch, History of the Roman Empire Tr. by Edward C. Echols, Univesity of California Press, Los Angeles, 1961.

31.Josephus, Flavius: The Antiquities Of The Jews, 20.

32.Josephus, Flavius: Jews War, Trans:H. ST. J. THACKERAY, Cambridge, London, 1956, II

**33**.Marcellinus, Ammianus: The Roman History (During Reigns of The Emperors Constantius, Julian, Jovianus, Valentinian, And Valens, Tr. Yong, C.D., London,**1894**.

34.ZACHARIAH OF MITYLENE, TRANSLATED INTO ENGLISH BY F. J. HAMILTON, D.D. AND E. W. BROOKS, M.A.London, 1899.


## ژێدەرەکان بە ئینگلیزی


35.Birley, Anthony R.: Septimius Severus, the African Emperor, Routledge, London, 1999.

36.Dodgeon & Lieu: Roman Eastern Frontier and the Persian Wars (AD 226±363), A Documentary History, Taylor & Francis, London and New York, 2005.

37.Eidem , Jesper: News from the Eastern Front: The Evidence from Tell Shemshāra, Iraq, Vol. 47 (1985).

38.Humbach, Helmut and Prods O. Skjærvø: The Sassanian Inscription of Paikuli, Wiesbaden, 1983, Part. 3.2.

39.Iain Gardner and Samuel N. C. Lieu: Manichaean Texts From The Roman Empire, Cambridge.

40.IAIN GARDNER: The Kephalaia Of The Teacher: The Edited Coptic Manichaean Texts In Translation With Commentary, (E.J BRILL, 1995).

41.Ilaria Ramelli: Possible Historical Traces in the *Doctrina Addai*, HUGOYE: JOURNAL OF SYRIAC STUDIES, Piacenza, (without date), section 18.

42.Lieu, Samuel N. C.: Manichaeism in Mesopotamia and the Roman East, Brill, Koln, 1994.

43.Michał Marciak: Seleucid-Parthian Adiabene in the Light of Ancient Geographical and Ethnographical Texts, Anabasis, No.2, 2011.

44.Neusner, J: The Conversion of Adiabene to Judaism, In: *JBL*, Vol. 83, No. 1, 1964.

## ملخص البحث

## موقع أديابين وتأثيره على تحولاته السياسية والثقافية

عنوان هذا البحث الذي يتكون من تمهيد تاريخي وجغرافي عن المنطقة ومبحثين رئيسيين.

المبحث الاول، خصص لموقع اديابين وأثرهً على التحولات السياسية، حيث تناولنا فيه الأحداث السياسية والعسكرية ذات صلة بأديابين والمنطقة، لاسيما الدولة الآشورية والأخمينية حتى الاشكانيين (البارثيين)، هنا وجدنا من الضرورة عرض الاحداث التي كان لها علاقة بمملكة أديابين، كأهتمام دولة أرمينيا على عهد تيكران الكبير والاشكانيين، كذلك الرومان الذين كانوا حيديث العهد في توجهاتهم نحو الشرق.

أما المبحث الثاني، تأثير موقع أديابين على التولات الثقافية، فقد خصصناه للحديث عن الأديان التي انتشرت في أديابين، لاسيما ما يتعلق بالموقع الجغرافي الذي كان يتميّز به، حيث قدر لهً أن يساهم وبشكل فاعل في انتقال المعتقدات الدينية مرورا بأديابين لتنتشر في باقي المناطق، كاليهودية االتي كان للتجار دورا رئيسيا في تغيير ديانة العائلة المالكة في أديابين، كذلك الحال فيما يتعلق بالمسيحية التى انتشرت بشكل واسع في الغرب ثم انتشرت عن طريق أديابين، اخذت بالتوسع نحو بلاد النهرين وايران الحالية ومن هناك نحو الشرق، حتى وصلت الهند. ويتناول هذا المبحث ايضا، أثر الموق لأديابين على التغيرات اللغوية والاجتماعية أيضا.



## Abstract

### Adiaban's site and its impact on the political and Cultural changes

This research consists of an introduction and two sections. In the introduction we dealt with the historical and geographical conditions of the area. In the first section dealt with the importance of the site Adiabene and its impact on the political changes, and has tried to review the political and military events related to the area, where it had its importance for the State of the Assyrian and Achaemenid to the stage of the Parthian State (Arsacid). We were offered in detail events related this area, for example, the State's interest in the era of the Armenian king Tigran the great and Parthians, as well as the Romans who began turning towards the East in this perio

In the second section we dealt with the impact of the Adiabene site on the religious changes, and we talked about the religions that have sprung up over where or advocates in this region. Including Judaism, and Christianity, which spread in the West, and then moved through Adiabene into Mesopotamia and the present Iran where arrived to the borders of India.